| http://www.regayrasty.com |
| --- |
| سورة المنافقون - سورەتی ژمارە 63 - ژمارەی ئایەتەکانی 11 |

بسم الله الرحمن الرحيم

(بەناوی خوای بەخشندە و میھرەبان )

1. إِذَا جَاءكَ الْمُنَافِقُونَ قَالُوا نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ اللَّهِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَكَاذِبُونَ : ئەی پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) کاتێ کە ناپاک و دووڕووەکان دێن بۆلات و دەڵێن : ئێمە شایەتی دەدەین کە تۆ پێغەمبەری خوایت , لە کاتێکدا خوا خۆی چاک دەزانێت کە تۆ پێغەمبەر و فرستادەی خوایت , لە هەمان کاتدا خوا چاک دەزانێت ئەو ناپاک و دووڕوانە درۆ ئەکەن و باوەڕیان بەتۆ نی یە .

2. اتَّخَذُوا أَيْمَانَهُمْ جُنَّةً فَصَدُّوا عَن سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّهُمْ سَاء مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ : ئەوانە سوێندی دۆریان کردوە بە قەڵغان و بە خەیاڵی خۆیان بەری ڕێبازی خوای پێدەگرن , بەڕاستی ئەوانە کارێکی زۆر ناپەسەند و نابەجێ ئەنجام دەدەن .

3. ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ آمَنُوا ثُمَّ كَفَرُوا فَطُبِعَ عَلَى قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لَا يَفْقَهُونَ : ئەو حاڵەتەشیان بۆیە تیا دروست بووە چونکە سەرەتا باوەڕیان هەبوو لەوەودوا حەقیان پۆشی و کافربوون , ئیتر مۆر درا بەسەر دڵیاندا لە ڕاستیەکان تێناگەن .

4. وَإِذَا رَأَيْتَهُمْ تُعْجِبُكَ أَجْسَامُهُمْ وَإِن يَقُولُوا تَسْمَعْ لِقَوْلِهِمْ كَأَنَّهُمْ خُشُبٌ مُّسَنَّدَةٌ يَحْسَبُونَ كُلَّ صَيْحَةٍ عَلَيْهِمْ هُمُ الْعَدُوُّ فَاحْذَرْهُمْ قَاتَلَهُمُ اللَّهُ أَنَّى يُؤْفَكُونَ : هەرکاتێک دەیان بینی سەرسامی لە سەر و سیما و قەبەی لەش و لاریان , کاتێکیش کە دێنە قسە ( ئەوەندە زمان لوس و قسە زانن) گوێیان لێ دەگریت , دەڵێ ی کۆتەرە داری هەڵپەسێردراون , ئەوەندە لە ترس و بیمدا دەژین , هەر بانگێک بکرێت هەرباسێک بێتە پێشەوە , وا دەزانن باسی ئەوانە , ئا ئەوانە دوژمنن , ئاگاداریان بە , چاودێریان بکە , خوا بیان کوژێت و لەناویان بەرێت , ئاخر بۆچی وا دەکەن , بەرەو کوێ دەچن

5. وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا يَسْتَغْفِرْ لَكُمْ رَسُولُ اللَّهِ لَوَّوْا رُؤُوسَهُمْ وَرَأَيْتَهُمْ يَصُدُّونَ وَهُم مُّسْتَكْبِرُونَ : ئەگەر ورن بۆلای پێغەمبەری خوا , تا داوای لێخۆش بونتان بۆ بکات سەر بادەدەن و لوت بەرزی دەکەن , دەیان بینیت ملە جرێ دەکەن , ئەوانە خۆیان زۆر لا گەورە و مەزنە .

6. سَوَاء عَلَيْهِمْ أَسْتَغْفَرْتَ لَهُمْ أَمْ لَمْ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ لَن يَغْفِرَ اللَّهُ لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ :چونيەكە بۆيان داواى لێخۆش بوونيان بۆ بكەيت يان بۆيان نەكەيت , چونكە بەڕاستى خواى گەورە ڕێنموى و هيدايەتى قەومى ستەمكار و تاوان بار ناكات .

7. هُمُ الَّذِينَ يَقُولُونَ لَا تُنفِقُوا عَلَى مَنْ عِندَ رَسُولِ اللَّهِ حَتَّى يَنفَضُّوا وَلِلَّهِ خَزَائِنُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلَكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَا يَفْقَهُونَ : هەر ئەوانيش دەڵێن بە خەڵكى : ماڵ و سامانتان مەبەخشن بەو كەسانەى لە دەورو بەرى پێغەمبەردان , تا بڵاووەى لێبكەن , ( ئەى نازانن) هەرچى گەنجينەكان هەيە لە ئاسمان و زەويدا خوا خاوەنيانە , بەڵام دووڕووەكان تێناگەن و لە نهێنيەكان سەردەر ناكەن .

8. يَقُولُونَ لَئِن رَّجَعْنَا إِلَى الْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ الْأَعَزُّ مِنْهَا الْأَذَلَّ وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ : دووڕووەكان دەڵێن ئەگەر گەڕاينەوە بۆ مەدينە ( ديارە لەبەر تەماع و بە ەناچارى بەشدارى غەزايان كردوە ) دەبێت ئەوەى كە دەستەڵات دار و پياو ماقوڵەوە ئوە دەربكات كە بێ دەستەڵات و بێنەوايە , ( ئەو دووڕوانە نازانن كە ) عيزەت و دەسەڵات و سەربەرزى هەر شايستەى خوا و پێغەمبەرەكەى و ئيماندارانە .

9. يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُلْهِكُمْ أَمْوَالُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُمْ عَن ذِكْرِ اللَّهِ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ : ئەى ئەو كەسانەى باوەڕتان هێناوە هخەوڵ بدەن نە ماڵ و سامانتان و نەڕۆڵەكانتان نەبنە هۆى ئەوەى كە لە يادى خوا و بەدەستهێنانى ڕەزامەندى ئەو كەمتەرخەمى بكەن , جا ئوەى كەمتەرخەم بێت ئا ئەوانە خەسارەتمەند و زەرەرمەندن .

10. وَأَنفِقُوا مِن مَّا رَزَقْنَاكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ فَيَقُولَ رَبِّ لَوْلَا أَخَّرْتَنِي إِلَى أَجَلٍ قَرِيبٍ فَأَصَّدَّقَ وَأَكُن مِّنَ الصَّالِحِينَ : لەو ماڵ و سامانەى كە پێمان بەخشيون ئێوەش لێ ى ببەخشن و دەستى بەسەرا مەگرن پێش ئەوەى كە مردن يەخە بە يەكێكتان بگرێت و بڵێت : پەوەردگارا خۆزگە ماوەيەكى كەمى تر مۆڵەتت بداماية تا خێر و چاكەم بكردايە و ماڵ و سامانم ببەخشيايە و بچومايەتە ڕزى چاكانەوە .

11. وَلَن يُؤَخِّرَ اللَّهُ نَفْسًا إِذَا جَاء أَجَلُهَا وَاللَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ : ( ئەو داخوازيە بەجێ نى يە چونكە ) ڕۆژى هەركەسێ تەواو بوو كاتى هەركەسێ هات , هەرگيز خواى مرێنەر دواى ناخات و كاتى بۆ تازە ناكاتەوە , خوايش زۆر بە ئاگايە لە

**هەموو ئەو کار و کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن .**